قائیمقامی سلەمانی : پلانی مانگی رەمەزان و رژانی جەژن بەسەرکەوتویی جێبەجێکرا



قائیمقامی سلەمانی رایدەگەیەنێت، ئەو پلانەی لەلایەن قائیمقامیەت و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان و هێزە ئەمنیەکانەوە بۆ مانگی رەمەزانی پیرۆز و رژانی جەژن دانرا، بەسەرکەوتویی جێبەجێکرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی قائیمقامیەتی سلەمانی، ئەمڕۆ شەممە ئاوات محەمەد قائیمقامی سلەمانی لەگەڵ لیژنە هاوبەشەکان کۆبوونەوە و سوپاسی سەرجەم ئەندامانی لیژنەکان و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان و هێزە ئەمنیەکانی کرد کە لەمانگی رەمەزان و رژانی جەژندا بەئەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆیان راپەڕاندووە.

وتیشی، "بەهۆی جوانی و دڵفڕێنی ناوچە گەشتیارییەکانی و ئەو ئارامییەی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان فەراهەم بووە بۆ بەسەربردنی رژەکانی پشوی جەژنی رەمەزانی پیرۆز، ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە دەرەوەی هەرێم سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانیان کردووە".

(100) زیاتر لە گەشتوگوزاری سلەمانی، بەپێی ئاماری کانی بەوە بەرایەتی گەشتیارییەکانی سنوری سلەمانییان کردوە، کە ژمارەیەکی هەزار گەشتیار سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری سلەمانییان کردوە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە ناوەتاست و خواروی عیراقەوە هاتون".

قائیمقامی سلەمانی ئاماژەی بەوەکرد، "پێشتر پلانکی وردیان دانابو بۆئەوەی لەروی تەندروستی و سەلامەتی و ئەمنییەوە خزمەتی هاوتیان و گەشتیاران بکەن، خشبەختانە پلانەکان جێبەجێکران، هەربیە سوپاسی لیژنە هاوبەشەکان و هێزە ئەمنییەکان و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان دەکەین کە بەوە و ئەرکی خیان هەستان، وەکو هەمیشە لەخزمەتی هاوتیاندا دەبین و خمان بەپارێزەری گیان و تەندروستیان دەزانین".